چیرۆك

# دووگەشتی چاوەروان نەكراو

(۱)

سەردار خۆشناو

دەمێك بوو چاوەرێ بووم، هەرخۆشم زەنگی تەلەفۆنەكەم خستەكار..! جارێك و دووان تاپلانەكەم سەریگرت، هیوا لەو دیوو دەرگاوە ئومێدیش میوانە ناوەختەكەی دەكۆڵدا هاتووە ..لەبەرخۆیەوە پندەو پۆڵەی بوو خوایە چەند بەپەلەم، ماشێنەكەش لەبەردەرگا چاوەروانە ئەوانیش چاوەروانن، هەر دوای میوان لەچاوتروكانێك دەرگاكان داخران، چركەی كات لەیەك لایدا هێشتا ماشێن بێ جوولەیە، دڵم زیاتر ترپەی پەلەبوونیەتی، خۆریش هێدی هێدی روو لەزەمین شۆر دەبێتەوە، چاوەروانی كۆتایی هات بەدەم رێگاوە ئومێد لەناوەراستی ئاگرو ئاسن دایە، پاڵیدایە لای ئاگر خۆسەرماش نییە بەڵام بۆكزكردنەوەی دڵە بەنوزەكەم بوو، لۆفەكان كەرۆژان زۆر درێژ بوون ئەو رۆژە زووتر بەرەو كۆتا دەچوون.. دەستی بۆ پەرتووكەكە درێژكرد وپەنجەی بۆسەر دوا لاپەرەبردو خستییە سەر ژمارە ..دۆزیمەوە، چی ؟ چیت وونكردبوو تابیدۆزیتەوە، بێ ئەوەی گوێی لەقسەكانی من بێ، ئەوەتا دۆزیمەوە چییە...منالَمان ناوێ منالَی چی، تۆ بیخوێنەوە، پەرتووك لەنێو دەستمدابوو، بۆ نیوخولەك بێ دەنگییەك سەراپای لەشی داگرتم و كپی داپپۆشیم، دەستی بۆسەر پردەكە درێژ كرد، لەناوەراستی پردەكە جارێكی تر پێی گوتمەوە..منالَمان ناوێ، نیازم بوو بەچاوتێرامانێكی قوڵ وەلآمی بدەمەوە، منالَی چی؟ شانێكی دایە شانم ...شەرم ئەوی بردەوەلای خۆی، من بەهێمنی سەرم وەرگێراو لەپێدەشتەكانم روانی ...نەیهێشت خەیاڵ بمبات بەقسە راپێچی نێو سۆزی خۆی كردمەوە، ئەمجارە باسی كورێكی هەژارو بەناو هەژاری بۆ كردم و باسەكەی دوورخستەوە، لەگەرمەی چوون وهاتنی سۆزم، هەستم كرد ئەو رۆژە تەنها دڵم ترپەی تیایە و سەریشم بۆ ئارەزووی دیدەن پێچدەكاتەوە..شۆفێریش دوای خەیاڵی خۆی هۆڵاوەلاوەی داگیرساند...باشە ئێمە تەنها نین بۆئەوانی دیكە بۆ دەنگ ناكەن؟ ناشێ هەموویان گوێیان بۆ قسەكانی ئێمە هەڵخستبێ، چرپەیێ..خشپەیێ، هەرهیچ..! دەهات ترسی ئەوە بكەم لەگۆرستانی مردووانم وبەدیاریانەوە پەیڤان دەبێژم، كێ لەگۆرستان باسی دڵ و خۆشەویستی دەكات وەلێ هەر حەرامیشە..! لەوەش دەترسام ناشێ من مردبم لەگۆرەوە قسە بۆ خۆشەویستەكەم بكەم، یائەوە خەونەو نزیكە بێدار دەبمەوە..... ئاورێكم دایەوە پردەكەمان جێهێشتبوو كەلەكاتەكەم روانی بەخێرا رێدەكا نازانم كاتژمێرم وەك منی بەسەرهاتووە یا گەشتەكە واخێرا دەخوازێ...یاخود نازانم !جارێكی دەیكەش شانم بەرشانی كەوتەوە بەبزەوە داوای لێبوردنێكی كرد بەپێكەنینەوە لێمی وەرگرت و خەندەیەكی درێژ بردییەوە، گۆناكانی سوور هەڵگەران بێ شك بەرگەی ئەو تیشكە ناگرن بەرەو رووی دەبێتەوە..بروانە هیوا دنیا سەوز دەچێتەوە بەدۆست نەبوونی لەگەڵ بەهار بێدەنگی كردم، چۆن مەگەر سەوزایی جوانی نابەخشێ، پاش بێدەنگییەك سەرێكی رەزامەندی بۆ لەقاندنم، حەزم كرد بەو باسە زیاتر بیدوێنم .. وەرزەكانی بەروو كردمەوە تۆ لەگەڵ كامەیان دەسازێی ئومێد، كەزانیم خەزان بەچەشنی رۆحیی‌خۆی خۆش دەوێ، منیش پاییزم كردە پۆشاكی ئەبەدییم، ئیدی پاییزی بێ نەوایان و راستگۆیی و كۆچی سەفەری زیندووم بۆ كردە وەلأم و درێژەم پێدە، من پاییز وەك مرۆڤی دوو رەگەزی دانەپۆشراو دەبینم ویستم شتی تر بلێم... گوتی زۆرم خۆشدەوێ...من یا پاییز، تۆو پاییز بەیەكەوە جوانن نۆرەی بێدەنگی ئەو هاتەوەو قسەكانی داهاتووی خستە گیرفانی دڵەوەو لەم لاو ئەولای گردۆڵكەكانی دەروانی هەستم كرد بەدوای قسەیەك دەگەرێ بیكرێگەردەستیشی نەكەوێ قەرزی بكات، لەوكێشمەكێشمەی لەیەك روانیین دابووین لەخاڵی پشكنینەكە رەتبووین، هێدی هێدی بەحەزێكی زۆرو بەسیلەچاوێكەوە هەم لەخۆیی و هەم لەچواردەوریشم روانی ئەوە بۆ كەسێ نەبوو قسەیێ بكات، لەغەڵبەغەڵبی

ئەوان شتێکی وەک جارانی بەبناگوێیا بچرپێنم، بیری منالەکە بردمی تێکەولاوی نێوباسی پەرتووکەکەی کردم بەنوزەیەکی پڕلەنازەوە پێی گوتم ئومێد ئەوە لەچی دەروانی کۆمەڵێ وەلامی وەک ( شیش، پرد، مندال، سەفەر خەون، خەیاڵ ) پرتەپرتی بڕیم لەگەڵ تۆمە نەمهێشت تەواوی بکات، هەڵمگرت بۆ دوایی، دوایی ...ئا ئا دوایی، دوایی چی ئۆی دیسان دوایی کەی دێینەوە سەفەرتاقسەم بۆ بکەی بیرت چوو لەولاتی قەزەمەکانی ...زەمەن کورتی کرد لەبەردەم دەرگای جێی ژوان خۆمان بەجووتە دیتەوە دەرگاش کرایەوە سەرمان هەڵگرت لەنێو ئاپۆرای خەڵکی هەژار بەهەژاری بۆ هەژارێک دانیشتین من لەبیری زیاتر خۆشەویستیم بۆئەو غەرق ببووم، لەهەموولاوە دەنگۆی هەژاری ومناڵێکی هەژارو بەهەژاری کۆچکردوو گوێکانی دەزرنگاندەوە، پاش تاوێ لەولاوە بەرۆکیان گرتم هیواشی تێوەگلا...وازی نەهێنا، هانام بردە بەر هیوا دیتم سەری نابوویەوە باوەش، هیوا هیوا ..خەو وڕوکاسی کردم چیبکەم ...هیچ وانییە، بەقاقایەکی بێدەنگەوە سەری پێداخستم و گوێبگرەو بخەوە، چی و چۆن چەند کاتژمێرە هەژار بەهەژاریومنیش بەئاسوودەیی دەژیم چۆن بخەوم، گەشتێکەو دووبارەی کەمە، پاڵیدام کەبێدەنگ بۆی بخەوم، کەچی دەست نوێژی ئومێدیی شکاندنم، چراکان باشتر کوژانەوە ترسی ئەهریمەنم بەخەیاڵ هات بۆ ئاسوودەگیم شانم لەشانی هیواکەم نزیک کردەوە، بیگرە ... چی ؟خستیە دەستم، بێدەنگ بیخۆ باکەس پێی نەزانێ قرتەیان نەیێت، گەرم وگوڕی دەنگی خەڵك و من و ئەو و قرتەکانم یەکتریان نەدەناسییەوە، خۆم تەواو بیر چوبوو نەیهێشت ئەو بیرچوونەم بگاتە وێستگە وتیان لەشەمەندەفەری گەشتت دابەزەو لەدوورەوە تێی بروانە، چاوم کردەوە وون بوو ناشێ ون بێ خۆچاوی من هەندێ جار کزدەچنەوە..! ئەوەتە باشترم روانی و تیژیی چاوم ئاراستە کرد، گەشتەکەمان هێدی هێدی بەرەو کۆتا دەچوو لەچاوانی ئەوم خوێندەوە گەشتی ئەمجارمان تا ئێرەیە، دووگەشتیارین یەک بۆ رۆژئاوا یەک بۆ رۆژهەلات دەبێ بەناچاری رێگەی جیابوونەوە بگرینە بەر، ئەو بمێنێ بەهیوا منیش بە هیوای ئەو بۆ گەشتی ئەبەدی دەژییم....

**(٢)**

وەکو چەند جارەی زۆر دڵیتووندکردم، بردمی بردمی وەک لێزمەی باران و شەپۆلی دەریا مەزنەبەکەف وکوڵەکان هەڵیگرتم ورفاندمی، خۆشم نەمدەزانی بەرەو کوێ، لەساتەوەختێکدا شنەبا بەهێمنیچپاندیبەگوێما، تا زووە برۆ فریای بکەوە ماڵوێران خۆتی و لەگەشتی چاوەروانەکراوی ئەمجارە بەرەو گەشت و کۆچی ئەبەدی ملی ناوە... روانیم هەموویان گردبوونەتەوە، چواردەوریانداوە کۆمەڵیان گرتووە هەموویان بەرگی رەشیان پۆشی بوو، تەنها ئەو بەرگ وتارای سپی پۆشی بوو، لەبووکی زەماوەندو شەوی پەردە دەچوو...خەڵك دەستە دەستە ریزیان بەستبوو، هۆن هۆن دەگریان خەڵك کەی بۆ بردنی کەژاوەی بووك دەگرین، نەمدەزانی هانا وەبەر کێ بەرم پرسیارێکەو لەسینگمەوە خولی دەخوارد... دەمپرسی چی قەوماوە؟ کەس نەبوو وەرامێکی لێوەربگرم...شین واوەیلایە، باوکەرۆیە ئاسمان بەدیار باڵایەوە لەپڕمەی گریانی دەدا، زەوی رەنگی زەرد هەڵگەرابوو، چی ببینم لەخۆمم روانی بەقەد لەپی دەستم جەستەی خۆمم لەدەست داوە رۆحم لەنێو کفنی ئەجەلەو ...، وردبوومەوە باشتر لەخۆمم روانییەوە بیرم کردەوە دڵم جێهێشتووە.. نزیکتر بوومەوە ئەوە مەرگی منەو لەباوەشی یارانەوە شینی کۆچەو دڵم سەردەستەیەوپێش خۆشم کەوتووەو ئەوە بیست و حەوت گوڵە گەنمکەی خۆرنەدیووە، بیست حەوت گوڵەنێرگزی بێ باران، بیست حەوت خونچەی باغی تەمەنمە بەرگی فریشتەیی پۆشیووە ماڵئاوایی لەخۆم وخاك ویادەکانمان دەکات ...ئێشکم بەدیارکێلەوە گرت کەچی دڵم ئۆقرەی نەهات بووکی خێرنەدیوو بەتەنها بکاتە میوانی ناوەختی گۆڕی تاری، داهزرام هێزی ئەژنۆم تلایەوە بەرگەم نەما و ملوانکەی دیاری زستانەی تەمەنم هێنابوو نەمدەزانی بۆ ئەو رۆژەیە لێرە دەیکەمە گەردنی کێلەوە، گوارەکانم بەهەردوو دیوی گۆڕەوە هەڵپەساردن بەدرێژایی بەژنی گۆڕ بۆنی خاکم کردو کێلەکانم لەباوەش ناو دڵۆپی فرمێسکەکانم رێچککەیان گرتبوو،

لەنێوریزی فرمێسکەکانم بریارمدا جیانەبمەوە گۆڕێ بەتەنیشت گۆڕی ئەوا هەڵکەنم دەستم بۆ خاک برد ...
لەوساتەوەختەدا لەگەڵ دەنگی برای شۆفێر لەم گەشتە خەیاڵاویا پرشوومە رزگارم بوو..

**٢٠٠٠/٢/٢٤**

serdarxoshnaw73@yyahoo.com

کوردستان نێت www.kurdistannet.org